### ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ڕووەو چیا، بەرەو شۆڕش)
# (١٠)

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



شـــانۆی شۆڕشـــگێڕیی گەڕۆك، ڕەنگە لە سەراپای مێژووی شـــانۆدا بـــۆ یەكەم جار بووبێ، شـــانۆیەكی شۆڕشگێڕیی گەڕۆك لە شۆڕشی ئازادیخوازیی گەلاندا هەبووبێ، ئێمە بیستوومانە كە سەرەتا لە وڵاتی (یۆنان) شـــانۆی گەڕۆك هەبووە، لەلایەن یەكەم ئەكتەرەوە، كە ناوی (ســـیپیس) بووە، ئەم مەزنە مرۆڤە، لە سەرەتاكانی ســـەدەی شەشـــەمینی پێـــش زایینـــەوە، لە (ئیكاریا) لەدایكبووە، لەو ســـاڵەدا كە میری (ئەســـینا) بڕوای بە ڕەوایـــی دراما هێنا، واتە ســـاڵی (٥٣٤- پ ، ز) ئەم هونەرمەندە لە دوایین ترۆپكی ئەفرانەكەیدابوو، كاتێ بە گالیسكەیەكەوە شارەوشار ئەگەڕا وا شێوە شانۆییەكەی ئەنواند، بەڵام شـــانۆكەی شۆڕشی ئەیلوول، شانۆیەكی لێوەگێوی بـــوو، ئەو ئەركی بنەڕەتـــی هونەرمەندانی شـــانۆڤانی شۆڕشـــەكە بوو، كەواتە ڕەوایە كاتێ باسی شانۆكەمان ئەكرێ ئەو دیاردە هەر گرنگەوە وەلانەنرێ و لە گەلانی دیكەشی بگەیێنن.

ئەوەی مایەی شانازیمە سەرجەم بەرهەمەكانی ئەو شانۆ گەڕۆكە لە دەرهێنانی من بوون، هەر بۆیە منیش ئەبوو ڕەچاوی چەند لایەنێكی گەوهەرین بكەم، كە یەكەمیان ئەركی ئەو شانۆیە، یان فەلسەفەی ئەو جۆرە شانۆیە لە گەرمەی شۆڕشی گەلێكی ئازادیخوازیی مرۆڤایەتی پەروەردا، دووەم ڕوویان، بریتی بوو لە شوێنی نواندن و جـــۆری بینەرانی بە ژمارەی هەزارەهایانەوە لە تەك ئازارەكانی باری ژیانیاندا و زەقكردنی هۆكارەكانی گەیاندنی مەبەستە سەرەكییەكە.

یەکەم ئەزموون و بەرهەمی سەر شانۆ گەڕۆکەکە لە ئازادی پێشکەشکرا، زۆربەی بینەرەکانمان ئەو پێشمەرگانە بوون کە لە بەرەی بەرەنگابوونەوەی (گەرووی هۆمەرئاغا) گەڕابوونەوە و ئاڵۆگۆڕیان پێکرابوو، ژمارەیان پتر لە سێ سەد پێشمەرگە ئەبوو، گرووپەکەمان دوو شانۆی نواند، کە هەردووکیان لە ئامادەکردن و دەرهێنانم بوو، شانۆی (شاڵی جەرگی پیرێژن)ی مامۆستا (حسێن عارف) و شانۆی (کاتێ وێنە دێتە وەڵام)ی مامۆستا (محەمەد رەشید فەتاح)، (تیپی مۆسیقای شۆڕش)یش بە چەند سروودێ بەشدارییان کرد. ئەوەی لە یاد ناچێ، ئەوە بوو لە ماوەی ئەو ئاهەنگە چیاییە شۆڕشگێڕییەدا، دووجار فڕۆکە جەنگییە بۆمب هاوێژەکانی رژێم بۆردومانی ناوچەکەیان کرد، بەڵام بە زەبری تۆپە فڕۆکە شکێنەکانی شۆڕش لە ترسا هەڵهاتن، ئەوەی دیاردەیەکی سەیربوو، لەگەڵ ئەو بۆمبابارانەشدا هەر کەس تاوی ئەدا خۆی بهاوێژێتە چاڵە (تەیارە)کانەوە، کە بۆ خۆ پاراستن لێدرابوو.

بۆ رۆژی دوایی بە دیداری پێشمەرگەی ئازاکانی (عەریف حەمید) گەیشتم، کەوتە باس و لێکدانەوەو و تاووتۆی کردنی هەردوو شانۆییەکە، ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەو مەردە لە ئاستێکی تێگەیشتنی بەرزدایە و بە جوانی شرۆڤە و تاووتۆی بابەتەکانی ئەکرد.

پاشان لە ناوچەکەی خۆمان لە نزیك گوندی (بناوە سووتە)ی سەر بە شاری (پێنجوێن) کەوتینە خۆئامادەکردن بۆ گەشتی ئۆردوگای ئاوارەکانم لە رۆژهەڵات، کە پتر لە دە هەزار کوردی لەخۆ گرتبوو، خۆم پێشتر هەندێکیانم بەسەر کردبووەوە، بیرم لە هۆکارەکانی، یان کورتە رێگەکانی گەیاندنی بیرۆکەی شانۆییەکان ئەکردەوە، لە هەڵبژاردنی شوێنی شانۆکە و لە دەستنیشانکردنی شوێنی بینەران، کە لە هیچ رەشماڵ و خێوەتێکدا جێگەیان نەدەبویەوە.

بەپێی ئەندازەی دەنگ، ئەوە سروشتی دەنگەکە هەمیشە لە شوێنی کراوەی بێ بنمیچیدا، دەنگ لە خوارەو بەرەو ژووری ئەڕوات، نەك لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی دەنگە لە هۆڵی بنمیچداردا، جارێکی دیکەش و سەر لە نوێ، کەوتمە بەراوردکاریی نێوان ئەم شانۆ نوێیەی شۆڕش و شانۆ دێرییەکەی وڵاتی یۆنان کە پتر لە (٢٥٠٠ ساڵ) مان لە نێواندا بوو، شانۆیەکی بێ بنمیچی بەرفراوان کە ژمارەی بینەرانی دەچووە پتر لە دە هەزار بینەر. کەواتە بۆ گەیاندنی دەنگ و بەهێزکردنی بینین، هەر چۆن ئەونی پەنایان بۆ زەقکردن و دەمامك کاری و نموونە خستنەڕوویەك، ئاماژە بوو بۆ کۆیەك، بۆیە ناچارمام بە زۆر هۆ جێگرەوەی ئاخافتن ببینمەوە، زۆر پەناشم بۆ هونەری (مایم) یان(پانتۆمایم) ئەبرد، لە لایەکی دەربڕین کردەوە و پەنام بۆ برد، جگە لە هەندێ تەکنیکاریی هونەری سینەمایی، ئەم لایەنە تێوریانەم لە هزر و سەر کاغەزەوە گواستەوە سەر تەختەی شانۆ شۆڕشگێڕییەکەی شۆڕشی ئەیلوولی مێژوویی، لە یەکەم ئەزموونەوە ئارام و دڵنیایی سەرکەوتنی شێوازەکەم چێژ کرد,

ئەم شانۆییە بووە چاوگێکی هەرە گرنگی هوشیارکردنەوە و لە هەمان کاتدا ورە پێدان و بەرزکردنەوەی، لەو ماوەیەدا پتر لە چارەکە ملیۆنێ کەس بەرهەمەکانی بینی، بەڵام ئەوەی لە گۆڕیشدا لە لەوحی بەردینی زەیتم ناسڕێتەوە ئەو کارەساتە رەشە بوو، هێزەکانی تاریکی و دوژمنانی گەلانی ئازادیخواز، گەلەکۆمەکییان لە گەلەکەمان کرد و دەستی چەپەڵیان نایە بینی باڵاترین شۆڕشی ئازادیخوازیی گەلان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، کاتێکم زانی کەسانێکی بیر لاوازی رووخاو، کەوتبوونە شۆخی کردن بە شانۆکەمان، بەڵام لەو بڕوایەدابووم، شانۆکەمان هەر چۆن بەشێکی گچکەی هەر زیندووی شۆڕشەکەیە، شۆڕشەکەش نەمرد و ژیا، بۆیە ئەو شانۆیەش لە بیری، ئەو رۆژانەدا هەر زیندووە و بە رووی مێژوودا هەر رۆشنبەخشە.

دوای شەوی شانۆکەمانی رۆژانی شۆڕش لە شاری پاوە، ئەو ئێوارەشانۆیە بە تەنها چوومە سەر شانۆ و بۆ یەکەم جار شانۆیەکەی تاکە ئەکتەریی (مۆنۆ دراما) م نواند، باسی ئەو گەمەی شەترنجە بەربادەم ئەکرد، کە نیازی کشکردنیان لە توانا و خواستی گەلانە، شانۆییەکی بە رووخساری نەك(کۆمیدی، بەڵکو ڤارس) ویتریش بوو، ویستبووم تراژیدیای گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی پێکەنین ئامێزدا بنوێنم، دیارە پێکەنین لە مشتی گریاندا بوو، بە هەر حاڵ، هەر لە دووتۆی ئەو رۆژانەدا، ساتەهایەکی ئەوتۆی تیادا هەیە کە سڕینەوەیان گەلێك مەحاڵە، رۆژانە تێورەکانی هونەری شانۆم بە ئەندامەکان ئەگوتەوە و لەسەرووی ئەوەشەوە ئێواران کاری قەڵاچۆکردنی نەخوێندەوارییان بۆ خەڵکەکە ئەکرد، بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی ژیان دەرفەتی خوێندنی نەدابوون، بیستراوی پێشمەرگەیەکی گەرمیان هەمیشە لەبەرچاومە، ئەو ساڵە زستانێکی سەختی تەڕ و تووش بوو، بەفرێکی هەتا ناو قەد باریبوو، سەیرم ئەکرد کاکی پێشمەرگەی گەرمیانی، کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانمان، بە گۆچانەکەی بە درێژایی، پێشمەرگە لەسەر بەفرەکەی ئەنووسی:(دارا دوو داری دی.)

**((کۆتایی))**

**بڕیار درا هونەرمەند (زوهێر عەبدولمەسیح) دەرهێنەر بێ و ئەکتەرەکانیش ئەندامانی گرووپی شانۆ و سینەمای شۆڕش بن و بە بەشداری هەزاران پێشمەرگەی شۆڕش، لە هەمان کاتدا بەڵگەیەکی رێگەپێدانی وێنەگرتن لە گشت بەرەکانی جەنگ و شوێنەکانی شۆڕش لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆم ئامادە کرا**



# شکستێکی دیکەی ئەنجلینا

لە میانی ئاهەنگەکانی دابەشکردنی خەڵاتی کۆمەڵەی وێنەگرە سینەماییەکانی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠١٥ کە لە کالیفۆرنیای ئەمریکی بەڕێوەچوو، هەریەکە لە ئەنجلینا جۆلیی ئەستێرەی سینەمایی و باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران و براد بێتی هاوسەریی ئامادەبوون بۆ پشتیوانیکردنی لە وێنەگری سینەمایی رۆجر دیکنز.

رۆجر وێنەگری فیلمی سینەمایی «Unbroken»یە، بەڵام سەرەڕای پاڵپشتی و پشتیوانیی بێ وێنەی ئەنجلینا و براد، سەرکەوتوو نەبوو لە پێشبڕکێی کۆتایی خەڵاتی باشترین دەستکەوتی بەرامبەر بە ئیمانویل لیبزکیی وێنەگری فیلمی «Birdman» دۆڕا، جگە لەمانەش فیلمەکانی «The Imitation Game, Mr Turner و The Grand BUDAPEST HOTEL»، بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە پاڵێوراو بوون.

شایەنی وتنە گرنگترین باسی فیستیڤاڵەکە سەردانی ئەنجلینای باڵیۆزی پەنابەران و سەردانەکەی ئەم دواییەی بۆ پەنابەرە سووری و عێراقییەکان بوو، زۆر لە ئامادەبووان پرسیاری نهێنی ئەو وێنەیان لە ئەنجلینا دەکرد کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبۆتەوە و تێیدا ئەنجلینا گوێ لە ئافرەتێکی پەنابەری عێراقی دەگرێت، بەڵام لەبەر کاریگەریی قسەکانی ئافرەتەکە خۆی بۆ ناگیرێت و دەست دەکات بە گریان.



# سوڵتانە خەدیجە کردیە راستی

خانمە ئەکتەری ناوداری تورکی سەلما ئارجیك بڕیاریدا کۆتایی بە پەیوەندیی خۆشەویستیی خۆی و جان ئوزای بهێنێت کە ماوەی ساڵ و نیوێکی خایاند و بەم زووانە پەیوەندییەکەیان دەبێتە هاوسەرگیریی فەرمی نەك تەنیا پەیوەندییەکی خۆشەویستی بێ گرێبەستی هاوسەرگیری. سەلما کە رۆڵی سوڵتانە خەدیجەی لە زنجیرەی (حريم السلطان) بینی و ئێستا بەشی سێیەمی نمایش دەکرێ، لەگەڵ هاوسەرەکەی بڕیاریاندا ئاهەنگەکەیان لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو ئەنجام بدەن دوای کۆتایی هاتنی وێنەگرتنی زنجیرەی (کاروباری دڵ)، هەروەها جلوبەرگی ئاهەنگەکەشیان دەستنیشانکردووە و خانوویەکی نوێشیان بۆ هەمان مەبەست لە ناوچەی ئۆلۆس کڕیوە. سەلما ساڵی ١٩٧٨ لە شاری هامی ئەڵمانی لە دایکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ هاتە نێو دنیای هونەری نواندنەوە و سەرەتا بە زنجیرە درامایەکی کۆمیدی دەستی پێکرد، دواتر لە زنجیرەی (عاصی) رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو کە لە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ بەردەوام بوو، بەڵام گرنگترین رۆڵەکانی سەلما رۆڵی سوڵتانە خەدیجەیە لە زنجیرە درامای (حريم السلطان) کە تا ئێستاش بەردەوامە.




# ئەنۆشکا بە سەرکەوتنەکانی خۆشەویستەکەی دڵخۆشە

ئەنۆشکا شارمای ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد رایگەیاند کە هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکات کاتێك دەبینێت فیرات خولیی یاریزانی ناسراوی کریکێتی هیندی و خۆشەویستەکەی یاری دەکات و لە یارییەکاندا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت، بەتایبەتی لەو یارییانەی کە لە دەرەوەی هیندستان ئەنجامیان دەدات. لە میانەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ فیلمی «NH10» کە ئەنۆشکا رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت، وتی: یاریی کریکێت لای ئێمە گرنگییەکی تایبەتی هەیە ومن وەکو هەموو هیندییەکان زۆر حەز لە سەیرکردنی ئەم یارییە دەکەم و لە کاتی سەرکەوتنیشدا ئاهەنگ دەگێڕم، بۆ منیش گرنگییەکی زیاتری هەیە، چونکە فیراتی خۆشەویستم یاریزانێکی بەتوانا و ناسراوە لە هیندستان و جیهان، بۆیە لە کاتی بینینی لە نێو یاریگە و سەرکەوتنی لە یارییەکاندا، خۆشییەکەی من وەسف ناکرێت، بەتایبەتی ئەو سەرکەوتنەی بەم دواییە هەڵبژاردەی هیندستان بەسەر پاکستاندا تۆماری کرد، خۆشی و شادییەکی بێ وێنەی پێ بەخشیم، چونکە فیرات ئەستێرەی یەکەمی یارییەکە و هۆکاری سەرکەوتنی هەڵبژاردەکەمان بوو. ئەنۆشکا تا بەر لەماوەیەك ئامادە نەبوو باسی پێوەندی خۆی و فیرات بکات، ئەم جارەیان زۆر بە ئاشکرا لەبەردەم کامیراکان باسی کرد و وتی: خەڵك لەم پەیوەندییە تێناگەن و ناتوانن سنووریشی بۆ دابنێن.